"مارك ساڤايا"ى وەك نێردەى تايبەتى ئەمريكا بۆ عێراق دياريكرا

ئەمڕۆ يەكشەممە، دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆكى ئه‌مريكا، "مارك ساڤايا"ى وەك نێردەى تايبەتى وڵاته‌كه‌ى بۆ عێراق دياريكرد.

دۆناڵد تره‌مپ، له‌ پۆستكدا له‌ تێڵى كۆمه‌ڵايه‌تى تروس سۆشيا‌ڵ ئاشكرايكرد، "خۆشحاڵم رايبگه‌يه‌نم كه‌ مارك ساڤايه‌ له‌ پۆستى نێرده‌ى تايبه‌تى بۆ كۆمارى عێراق ده‌ستبه‌كارده‌بێت."

تره‌مپ وتوشيه‌تي"تێگه‌يشتنى قوڵى مارك بۆ په‌يوه‌نديه‌كانى عێراق و ئه‌مريكا و په‌يوه‌نديه‌كانيشى له‌ناوچه‌كه‌، ده‌بنه‌ مايه‌ى به‌هێزكردنى به‌رژه‌وه‌نديه‌كانى ئه‌مريكا."

سه‌رۆكى ئه‌مريكا هۆماى بۆ ئه‌وه‌ش كردوه‌، مارك ڕۆڵى سه‌ره‌كى بينى له‌ بانگه‌شه‌ى هه‌ڵبژاردنم له‌ ميشيگان و ئه‌و و كه‌سانى ديكه‌ وايان كرد ڕۆژه‌يه‌كى پڕوانه‌يى ده‌نگ به‌ده‌ستبهێنين له‌نێو موسوڵمانانى ئه‌مريكى.

ترەمپ لە کتاییدا پیرۆزبایی لە مارك ساڤایا کردوە.